# جان دەمۆ؛
# «ئەو شاعیرەی بیری چوو بژی*!»

شوان ئەحمەد



بڵاوکردنەوەو چاپکردنی دیوانی (شرۆشیتاڵی شاهان)، گەلێک دڵخۆشیکردم، وەک چۆن گەلێک شتی ساڵانی ڕابردووی بیرهێنامەوە.. دەرفەتێکی باشە و دەرچوونی ئەم کتێبە بە زمانی کوردی، دەکەمە بەهانەیەک بۆئەوەی هەندێ شت بڵێم، هەندێ شت دەربارەی «جان دەمۆ» و دنیا سەیروسەمەرەکەی ئەو.

ساڵی ١٩٩٣، هاوڕێی ئازیزم «جەلال ئەولکەریم»، لە بەغدا هاتەوەو چەند کتێبێکی بۆ هێنابووم، لەوانەی بیرم مابێت (أسمال)ی «جان دەمۆ» و (أشكالية المعنى في السؤال الفلسفي) لە نووسینی «خضير ميري» و دیوانێکی «عبدالامير جرس» کە هەرسێکیان لە بڵاوکراوەکانی (دار الأمد) بوون، لەگەڵ دیوانە شیعرێکی خاتوو «دنیا میخائیل».

ئەڵبەتە، من بەرلەوەی «أسمال»م بەدەست بگات، «جان دەمۆ»م دەناسی. بە حوکمی ئەوەی ساڵانی خوێندنی زانکۆم لە بەغدا تەواو کردبوو، کەم تا زۆرێک، ئاگاداری ڕۆشنبیریی عەرەبیو عێراقی بووم و زیاتریش عەودالی جیهانی شیعرییو شیعری شاعیرە نوێگەرەکان بووم.. لەپاڵ خوێندنەوەی «یوسف خاڵو ئەدۆنیسو ئونسی حاج و فواد ڕفقە و تۆفیق سائغ و شەوقی ئەبی شەقرا»دا، حەزم دەکرد شیعری شاعیرە نوێخوازەکانی عێراقیش بخوێنمەوە: «سەیابو بەیاتی و ح س ب شێخ جەعفەر و سەرکۆن پۆلس»، لەگەڵ دەقە دەگمەن و پەرش و بڵاوەکانی «جان دەمۆ»شدا.

کاتێک سەربوردەی ژیانی هەریەک لە «حسێن مەردان و عبدالامير الحصيري»یشم خوێندەوە، زیاتر حەزم بە ناسینی ژیانی تایبەتی و دنیای شیعری «جان دەمۆ» کرد.. لە لایەکی ترەوە ئەوەی فەزای شیعرییو ژیانی پڕ سەیروسەمەرەی ئەو پیاوەی لا جوانکردم، ئەم هەلومەرجە ناهەموار و فەزا پڕ ڕیاکارییەی ناو ڕۆشنبیریی عێراقی بوو کە بەعس لەگەڵ هاتنی خۆیدا وێرانیکردبوو. بە هاتنی بەعس، ئیتر کایەی ڕۆشنبیریی عێراقی، پڕدەبێت لە درۆزنە ئەدیب و درۆزنە نووسەر و درۆزنە شاعیر و درۆزنە ڕۆشنبیر. «جان دەمۆ»ش وەک شاعیرێکی ڕاستگۆو مرۆڤێکی سەرسەخت، لەو قۆناغەدا دێتە ئاراو لەگەڵ گرووپی کەرکوکدا خۆی ئیعلان دەکات.

زۆرێک لەو قەڵەمانەی بە بەعس ڕام نەکران، سەری خۆیان هەڵگرتو چوونە تاراوگە.. «جان دەمۆ» درەنگتر ئەو ڕێگەیەی هەڵبژارد، بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیەی لە عێراقدا مایەوە، سەرتاپا بە مەستی ژیا، بەمەش دیوارێکی کۆنکرێتی لەنێوان جیهانە فانتازییەکەی خۆی و دنیا درۆزن و جەهەننەمییەکەی «سەدام حسێن»دا هەڵچنی و کاری ڕۆژانەی بوو بە جنێودان و میزکردن بەسەر چەک و تفاقی جەللادەکانی عێراقدا. لەگەڵ «جەلال»ی هاوڕێمدا، بە درێژایی ئەو ساڵانەی بەغدا، بە تاسەوە بووین «جان دەمۆ» ببینین. دەمانوت، بەڵکو جارێک لە (ساحەی تەحریر، یان ئەبو نەواس، یان بەتاوین، یان ساحەی نصر) بیبینین.. ئەو هاوڕێیەم بەختی لە من باشتر بوو، ئێمە ئەوسا هەردووکمان لە ئوتێل نێرگز لە شەقامی سەعدون کارمان دەکرد، لە پرسگەی ئوتێلەکە بووین. من سەر لە ئێواران تا دوانزەی شەو و ئەویش لە دوانزەی شەوەوە لێمی وەردەگرت تا بەرەبەیان.. نیوەشەوێک کە ئەو تیایدا ئێشکگر دەبوو تا بەیان، سەرخۆشێک بەلارەلار خۆی دەکات بە ژووردا، سەرخۆشێکی چڵکن و پڵکن و زمان لەگۆکەوتوو، داوای مەی و شوێنی نووستنی کردبوو.. ئەو کائینە «جان دەمۆ» بوو.. شەوانی لای ئێمە، هەمەجۆر خەڵک ڕوی تێدەکردین، مرۆڤی شەهم و جوان و خانەدان، هەروەها شەلاتی و هەرچیوپەرچی و دز و گەوادیش.. «جان دەمۆ» نموونەی ئەو مرۆڤە جوان و بێگەردانە بوو، کە تەنها جارێک هاتە لامان و بەوێدا گوزەری کرد.

ئەو، تا مرد، هەم بێ جێگا و هەم بێ ماڵ و هەم بێ هاوسەر و هەم بێ خۆشەویست و هەم بێپارە و هەم بێ پشوو بوو، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، مرۆڤێکی گەورەو شاعیرێکی ڕاستەقینەش بوو.. «جان دەمۆ»، یەکێک بوو لەو مرۆڤە دەگمەنانەی بەرلەوەی لەسەر کاغەز و وەرەقە شاعیر بێت، لە ژیاندا شاعیر بوو.. شاعیری ڕاستەقینەش ئەوەیە، لە ژیاندا شاعیر بێت، نەک لەسەر کاغەز. ئەو، زۆری نەنووسی و زۆری نەوت و دیوانگەلێکی شیعریشی لە پاش خۆی جێنەهێشت، بەڵام شەستو چوار ساڵەی تەمەنی چامەیەکی شیعریی سەیر و جوان بوو، وەک (ئانابان)ی «سان جۆن پێرس» و (وێرانە خاک)ی «ت. س. ئەلیۆت» و (نانو شەراب)ی «هۆڵدەرلین».

مامۆستا «عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی» دروستی پێکاوە کە دەڵێت: (جان دەمۆ، لە پەراوێزخراوەکانی واقیعی ئەدەبی عێراقییە، وەختێکیش لە پەراوێزی ناو عێراق خۆی دەربازکردو گەیشتە پایەختە گەورەکانی جیهان، سەرلەنوێ کەوتەوە ناو پەراوێزێکی گەورەتر، کە لێرەدا ناوی دەنێم: پەراوێزی جیهانی). بڕوانە: (شرۆشیتاڵی شاهان، ل ٦ و ٨).

«جان دەمۆ» وەهابوو، وەها ژیاو وەهایش مرد. ئەو، لە کەرکوکەوە بە سالوکی دەستی پێکرد و کە چوویشە بەغداو بەیروت و عەمان و سیدنیش، هەروا مایەوە. نە بەدوای شۆرەت و نێوبانگدا وێڵ بوو، نە عەودالی ئەوەش بوو شیعرەکانی لە بەرگێکی قەشەنگدا چاپ بکات و ڕەخنەگرە ساختەبازەکان و ڕۆژنامەنووسە لۆتییەکان، مەدح و سەنای بکەن.

ئەو، هەمیشە مەست بوو، هەمیشەیش لەگەڵ خۆشبەختی و زیندەگیدا بەعز بوو. بە تەنهایی گوزەراندی و بە تەنهایش سەری نایەوە. غەریب ژیاو لە غەریبیشدا دڵی لە لێدان کەوت. «جان دەمۆ»، مرۆڤی (ناشوێن) بوو، بۆیە بۆ ئەو گرنگ نەبوو لە کوێدا دەژی و لە کوێشدا دەمرێت. چەند ساڵێک بەر لە ئێستاو لە بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە (٢٠٠٣/٥/٨)، لە شاری سیدنی ئوسترالیادا-کەرکوکییەک- سەرتاپا مەست و دڵ پڕ قەهر، ژیانی جێهێشت. ژیانێک کە ئەوی لەبیر کردو ئەوی بە نەفرەت کردو ئەویش بە غروری خۆیەوە، سازشی بۆ نەکرد و «مەسیح»ئاسا، خاچەکەی کردە کۆڵی.

من و ئەو یەک دوو هاوڕێیەی بە ژیان و شیعری ئەم کائینە سەیر و سەمەرەیە سهرسام بووین، ناچاربووین شوێن شیعرو سەربوردەی ئەوانەیش بکەوین کە موریدی ڕاستەقینەی «جان دەمۆ» بوون، نموونەکانیان وەک: «کەزار حەنتوش، نصيف الناصري، حسن النواب، سەلاح حەسەن و.. هتد».

پاش مردنی، زیاد لە نووسەرو شاعیرێک، لەسەر ژیانو ئەزموونی شیعریی ئەم پیاوە عەنتیکەیەیان نووسی، هەرکەسێک چاوێکی خێرا بە سایتەکانی وەک (ئیلاف) و (کتابات) و (جهه الشعر)ی «قاسم حەداد» و (کیکا)ی «ساموئیل شەمعون»دا بگێڕێت، ئەو نووسینانە دەبینێت. بەلای منەوە، زۆر لەو نووسینانە جوان بوون و شتی شایستە بە «جان دەمۆ»یان تێدابوو، بەڵام جوانترین ناونیشانێک کە لەو نووسینانەدا بەرچاوم کەوتبێت، سەردێڕی نووسینێکی نووسەری فەلەستینی «تيسير نظمي» بوو، بە ناونیشانی (ئەو شاعیرەی بیری چوو بژی.. جان، اما زلت تمزح ونحن نبحث عنك؟)، بۆیە هەر ئەو دێڕەم کردە سەرباسی ئەم نووسینەم..

زۆر ڕاستە، ئەو لەناو گێژاوی مەستیی و سەرگەردانییو تەنهاییدا، شتێکی بیرچوو.. «جان دەمۆ» بیری چوو بژی، بیری چوو هەڵپە بکات و ڕابکات و ڕیاکار بێت و بەناوی شاعیریشەوە، شیعر هەڕاج و هەرزانفرۆش بکات. دواجار دەستخۆشی لە مامۆستا «عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی» دەکەم، کە ئەم بەرهەمەی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و خوێنەرانی ئێمەی بە ئەزموونی ئەم شاعیرە ڕاستگۆیە ئاشنا کرد و ئاوڕی لە پیاوێک دایەوە کە ژیان ڕووی لێوەرگێڕابوو، هەروەها دەرفەتی ئەوەشی بۆ من ڕەخساند، چەند شتێک بڵێم..

وەک دواسەرنجیش، دەمەوێت بڵێم، مامۆستا، دەیتوانی بۆئەوەی کارەکەی دەوڵەمەندتر بێت، هەندێ شتی تریشی تێهەڵکێشی ئەم کتێبە بکردایە و بیکردنایە بە کوردی. بەتایبەت دەقی ئەو چاوپێکەوتنە کەمانەی کە لەگەڵ «جان دەمۆ»دا کراون، وەک: (گفتوگۆیەکی شاکر نوری کە ڕۆژی ١٩٩٦/٧/٥ لە ڕۆژنامەی -القدس العربی- دا بڵاوکراوەتەوە)، لەگەڵ (گفتوگۆیەک لەگەڵ گۆڤاری -الجسور)، هەروەها (گفتوگۆیەکی دیکە لەگەڵ هادی الحسینی)دا. ئەوەو سەرەڕای نووسینگەلێکی تر کە بە بڕوای من، هیچیان لەو دوو وتارەی «عبدالقادر الجنابی» و «فاطمة المحسن» کەمتر نییە کە مامۆستا لەم کتێبەدا کردوونی بە کوردی. نموونەی ئەو نووسین و وتارە بەپێزانەی تر کە لەسەر «جان دەمۆ» نووسراون، بە قەڵەمی ئەمانە بووە: «عەبدە وازن، سەعدی یوسف، سەلاح حەسەن، حەسەن نەواب، عەباس بەیزون، تەیسیر نەزمی، عەبدوڵڵا ئیراهیم، ئەسکەندەر حەبەش و.. هتد». هەرچۆنێک بێت، ئەم کارە بەم شێوەیەی ئێستاشیەوە، مایەی دڵخۆشییەو دەکرێت ئەوانەیشی کە ماون، پرۆژەی دووەمی مامۆستابن لەسەر «جان دەمۆ»و جیهانە پڕ فانتازیا و سەیروسەمەرەکەی.

*** جان دەمۆ: شرۆشیتاڵی شاهان، وەگێڕانی: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی- لە بڵاوکراوەکانی: بنکەی ئەدەبیو ڕووناکبیریی گەلاوێژ، چاپی یەکەم (٢٠٠٤)، قەبارە: (٩٧) لاپەڕە.**

ڕۆژنامە
ژمارە (19)
سێشەممە 2011/9/6

# دوو ڕۆمان لە دوو ڕانانی کورتدا

هۆشەنگ شێخ محەمەد

## گێڕانەوە وەك چێژی تەواو لە بارەی (ئۆلگا بۆڕۆدینۆڤا)ی (زانا خەلیل)ەوە

**ئۆلگا بۆڕۆدینۆڤا**
**ڕۆمان**
**زانا خەلیل**
**چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧**
**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس**



دوای خوێندنەوەی هەر ڕۆمانێکی جوان، نووسینە کە ڕستەیەک یان چەند ڕستەیەکمان دەداتێ، بە گوێرەی تێگەیشتن و لێکدانەوەی نووسەرەکەش بۆ نووسین و ڕۆمان و ئەدەب و ئەرکەکانی نووسەر و نووسین، ڕەنگە ڕستەیەکی فەلسەفی، هونەریی، وێژەیی، کۆمەڵایەتی و هتد...یمان پێ ببەخشێت.

ئەو ڕستانەی من لەو ڕۆمانەدا خوێندمەوە، زیاتر جۆرە ڕستـــــــەیەکن، بنەماکەیان ئەزموونی کاراکتەری ڕۆمانەکەیە، واتە ئەو قسانەی دەربڕین لە تێگەیشتنی کاراکتەرەکە دەکەن، زیاتر لە ئەنجامی ئەزموونەکانی خۆیەوە، کە پێوەندیی سۆزدارییین بە کچەوە، دروست بوون. هەرچەندە کاراکتەرەکە خوێنەرە و سەرچاوەی خوێندنەوەکانی ئەدەب و فەلسەفەن، بەڵام ئەو ئەوەندەی ڕستەکانی لە ئەزموونە جەستەیی و گیانییەکانی خۆیەوە دەخوڵقێنێت، ئەوەندە لە شاعیر و فەیلەسوفەکانەوە دایاننناهێنێت. ئەوەش بەو مانایە دێت، کە ئەزموونی ڕاستەوخۆی مرۆڤەکان پێکەوە سەرچاوەیەکی گەورەیە بۆ دروستبوونی تێگەیشتن و ڕامانکردن لە ژیاندا. کاراکتەرەکە لە شوێنێکدا (نیتچە) دەخوێنێتەوە، بەڵام هێشتا «خوا» لای ئەو زیندووە! بەو واتایەی خوێندنەوە ئەو سەرچاوە کاریگەرە نییە، لەسەر شێوەی وێنەکان، بەڵکو ئەزموونەکانی خۆی کاریگەرییان هەیە لەسەر تێگەیشتنەکانی.

زۆرێک لە ڕۆمانە کوردییەکان، زیاتر فەلسەفاندنی ژیانن لە دیدی نووسەرەکانەوە، لەوەی خۆی فەلسەفەی ژیانی کاراکتەرێکی ئازاد بێت، واتە کاراکتەر هەمیشە مەحکومە بە ڕۆڵێک کە تێگەیشتن و سرووشتی نووسەرەکە سنوورەکانی دیاریی دەکات. لەو ڕۆمانەدا هەست دەکرێت کاراکتەرێک تا ڕادەیەک دەتوانێت بێ نووسەرەکە هەناسە بدات و ژیانی خۆی بژیت. ئەو تابلۆیەی ئەو تێیدایە، بەو شێوەیە کۆتایی بێت کە واقیعی کاراکتەرەکەیە لەنێو ڕۆمانەکەدا، نەوەک واقیعی نووسەرەکە لە دەرەوەی ڕۆمانەکەدا. هەرچەندە دەشبێت ئەو نووسینەش کۆمەڵێک تیمە و کەسی تێدا بێت کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ژیان و شوێن و دەمەکانی (زانا خەلیل)ەوە هەبێت، بەڵام لە ڕۆمانەکەدا هەست بەوە ناکرێت، کە (زانا خەلیل) ڕاستەوخۆ باسی خۆی دەکات، وەک چۆن لە ڕۆمانی (گەشتێک بەرەو ژنەکان) هەستی پێ دەکرێت! بەڵام دەگەڵ ئەوەشدا، سنوورێک هەیە، دەبێتە چوارچێوەی جوڵانەوەکانی کاراکتەرەکە. لەوانە هەر بۆ نموونە، سنووری (عاشقبوون، ئاوارەبوون، ڕۆژهەڵاتیبوون و کوردبوون).

ڕستەکانی ئەو ڕۆمانە، بە شێوەیەکی سەرەکی سەبارەت بە بەختەوەریی و چێژی ژیان خۆیان پێشکەس دەکەن. بەختەوەرییەک کە لە ساتێکدا لەگەڵ عەشق لە دایک دەبێت و لەگەڵ مردنیش کۆتایی دێت. چێژێک لە بەیەکگەیشتندا دنیا ڕەنگین دەکات و لە لێکترازانیشدا دنیا خاپوور دەکات. ڕستەکان زۆر بە کورتی پێمان دەڵێن: ژیانێکی کورت، هەموو شتێک تێیدا کۆتایی دێت. ئەوەی دەشمێنێتەوە تەنیا ئەو وێنانەن، کە ڕاگوزەرانە تێیدا بوورین! ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا وشەیە بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگە، یان گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو کەسانەی وەک مرۆڤ دێن و دەڕۆن!

پێوەندییەکان، وەهمێکن و تەنیا بە کەڵکی گێڕانەوە دێن، چونکە چێژ لەوەدایە کە وەهمەکانمان لە ڕێی نووسین و گێڕانەوەوە بە جوانیی نیشان بدەین.

ئۆلگا بۆڕۆدینۆڤا دەڵێت:

(ژیان وەهمە و تەنیا لە ڕێی نووسینەوە جوان دەبێت. دواتریش ژیان لە نووسیندا چێژدارترە لەوەی لە واقیعدا. ڕووداوەکانیش گێڕانەوەیان لە ڕۆمانێکەوە چێژی تەواو دەبەخشن لەوەی لە واقیعدا کراوە).

(نووسین، دەربازکردنی مرۆڤە لە وەهمێکەوە بۆ هەقیقەتێکی جوان و دواتریش بۆ خەونی نەمریی!).

ئەوانە دوو ڕستەی سەرەکی کاراکتەری ئەو ڕۆمانەن و دواتریش دەبنە ڕستەی (زانا خەلیل)، ئیدی دەکرێت لەگەڵ ئەو تێگەیشتنە کۆک بین، یان ناتەبا.

ڕۆمانەکە، لە خەونێک دەچێت، کە تێیدا بۆ چەند ساتێک حەز دەکەین لە جێی کاراکتەرەکە بین و لە ساتە کورتەکانی خۆشبەختیدا، چێژ وەربگرین. کەمێک تـــامی ژن و سێکس و پێکەنین و پیاسە و خواردنەوە و باران و بەفر... بە کورتیی تامی ژیان بکەین و دواتریش بینووسینەوە و بۆ خوێنەرانی بگێڕینەوە، تا چێژەکەمان بگاتە لووتکە!

***

## ماکسێنس فێرمین لە سێ ڕۆماندا (بەفر، کەمانچەڕەشەکە و هەنگوین)

**ماکسێنس فێرمین**
**سێینەی ڕەنگەکان**
**٣ ڕۆمان**
**بەفر**
**کەمانچەڕەشەکە**
**هەنگوین**
**وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی**
**چاپی یەکەم ٢٠٠٦**
**چاپخانەی ڕەنج**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو سێ ڕۆمانە، کاراکتەرەکانن، کە پێوەندییان بە هەبوون و ژیان و جیهان و مرۆڤەکان، لە ڕێی خەون و ئارەزووی قووڵی ناخیانە، ئەوەی پاڵ بەو کەسانەوە دەنێت بۆئەوەی بژین و کار بکەن و سەفەر بکەن و بگەڕێن، ئیرادەیەکی بێ هاوتایە بۆ هەقیقەت، هەقیقەتی ژیان، کە خۆی لـــە ئازادیی و عەشق و هونەردا دەبینێتەوە.

کاراکتەرەکان، بێ دوودڵیی بە دووی خەونەکانی خۆیـــان دەکەون و سەفەر دەکەن. زێد و ماڵ و ژیانی واقیعیی خۆیان بەجێدێڵن و دەکەونە سۆراغی خەونەکانییان. بێ ئەوەی لە چارەنووس و ئایینده بترسن بەرەو دنیای خەونەکانیان هەنگاو دەنێن، کاراکتەرەکان دەیانەوێت وا بژین وەک ئەوەی خەون و ئارەزووی دڵ داوایان لێدەکات. دوو دڵ نین لەوەی ئەقڵ فرێبدەن و بیرکردنەوە فەرامۆش بکەن، دوو دڵ نین ئارەزوو ڕێنیشاندەریان بێت و پشت لە ئەقڵ و مەنتقی واقیعییانە بکەن.

کاراکتەرەکان، خەیاڵیین و هونەرمەندن، بە گیان؛ لە ڕەنگ و دەنگ و سرووشت و زیندەوەرەکان قووڵ دەبنەوە، عاشقن و بە دڵ دەژین. نەوەک بە ئەقڵ.

جوانیی ئەو ڕۆمانانە لە دوو خاڵی سەرەکیدان، یەکەمیان: هێزی هونەر، لە شیعر و میوزیک و ڕەنگەکان. دووەمیشیان: ئیرادەی مرۆڤەکان، کە وادەکات ئازادانە بە دنیادا وەربن.

کاراکتەرانێکی هونەرمەند و عاشق و ئازاد و ئاوێتەبوو لەنێو خەونەکانیاندا. شێوەیەک بە ژیان دەبەخشن، کە زۆر نزیک بێت لە خەونی (خەیام) و دڵی هەر کەسێکی ئازاد و مەست بە



جوانیی و فڕین و خۆشنوودیی. کەسانێک کە بە ئیرادە و دڵەوە بژین، دوور لە بەرژەوەندییە مادیی و ماتماتیکی واقیعێک کە سیستمە نامرۆڤایەتییەکان و پێوەندییە بەرژەوەندخوازە مادییەکان زاڵن بەسەریدا.

ژیانکردن بە گیانێکی بێگەردو دوور لە پیسیی ئەو سیستمی بیرکردنەوەیەی کە بەرژەوەندییە مادییەکان دەخاتە پێش سەرمایەی ڕەمزیی و مەعنەویی و سۆزداریی مرۆڤەکانەوە. کاراکتەرەکانی ئەو ڕۆمانانە تا ڕادەیەک سۆفییانە دەژین و لە جیاتی دیین، هونەر. لە جیاتی خودا، عەشقی ژن، ڕێبەرایەتییان دەکات، بۆئەوەی ئاوێتەی خەونەکانیان بن و هەر لەنێو خەوندا بۆ ئەبەد بمێننەوە و نەگەڕێنەوە نێو واقیعی مرۆڤە ئاساییەکان. واتە ئەوکەسانەی بە ئەقلەوە دەژین و ناتوانن بە دڵ ئاوێتەی ژیان بن.

ژیان لەو ڕۆمانانەدا، ئازادیی و جوانیی و خەونە. مرۆڤیش عاشق و چالاک و هونەرمەندە. سۆزداریی و گیانگەرییش سەرمایەیەکی گەورەی مرۆڤن لە ژیاندا. ئیرادەش بە عەشق و هونەرەوە، گیان و ڕەنگ بە مرۆڤەکان و جیهان دەبەخشێت.